# ئەنفال

**ئەنفال، وشەیەکی عەرەبییە و ناوی "سوورەتی «٨» ی قورئانە.**

**"ئەنفال" مانای دەستکەوت و تاڵان و بڕۆی جەنگە و، ئایەتەکە لە دوای سەرکەوتنی ''موسڵمانان'' بەسەر ''کافراندا'' لە ئەنجامی شەڕی "بەدر"دا هاتووە.**

**لەرژێمی بەعسی داگیرکەریشدا، "ئەنفال" ناوی زنجیرەهێرشێکی بەربڵاوی سەربازیی بوو بۆ سەر کوردستان، بەمەبەستی قڕکردنی یەکجاریی نەتەوەی کورد.**

**رژێمی سەددام، بۆ جێبەجێکردنی ئەم نەخشە گڵاو و نامرۆڤانەیەی، "عەلی حەسەن مەجید"ی ئامۆزای دەستنیشانکرد و، هەموو دەسەلاتێکی سوپایی لە کوردستاندا داپێی.**

**یەکەم کوشتوبڕی بە کۆمەڵ، لە نیوەشەوی رۆژی ٣٠، مانگی ئۆکتۆبەری ١٩٨٣ دا بەڕێوەچوو کە تیایدا هەشت هەزار بارزانی شوێنبزر کران.**

**زنجیرەی "ئەنفال" لە مانگی ٢ی ساڵی ١٩٨٨ ەوە دەستپێکرا و، تا مانگی ١٠ ی ١٩٨٨ درێژەی کێشا. لە ئەنجامی زنجیرەی ئەنفالدا، بە سەتان هەزار کورد لەنێو لم و زێخەڵانەکانی عێراقدا، زیندەبەچاڵکران.**

بەسەرهاتی ئەنفالکراوەکان بخوێنەرەوە و، بزانە لە کۆتایی سەتەی بیستەم و لەپێش چاوی دنیای دێمۆکراسیدا چی بەسەر نەتەوەکەت هێنراوە! گەر کورد کارەساتی ئەنفال لەبیر بکات، دەبێ حاشا لەبوونی خۆشی بکات.

ئەنفال بخوێنەرەوە و، رادەی چارەڕەشی و کۆیلەتیی نەتەوەکەت بهێنە پێش چاوی خۆت، ئەوجا نەفرەت دەکەی لەهەر کەسێ کە بیەوێ مامەڵە و سەودا بە چارەنووس و ئامانجە پیرۆزەکانی خۆت و گەلەکەت و نیشتمانە دابەشکراوەکەتەوە بکات!

---

خوینەرەوەی هیژا!

بەشی دووەم، لەزنجیرەی کارەساتی "ئەنفال"، پیشکیشتان دەکرێ، کە لەلایەن «ریکخراوی مافی مرۆڤی جیهانیی- لقی خۆرهەلاتی ناڤین (HRW/ME)» ەوە نووسراوە. ئەم ریکخراوەیە، سەربەخۆ و ناحکوومەتییە و، یارمەتی مالی لە هیچ دەولەتیک وەرناگرێ. سالی ١٩٧٨ لقیکی لە هلسینکی - پیتەختی ولاتی فنلاند دامەزرا. لەو ساتەوە، ئەم ریکخراوەیە توانیویەتی لیکۆلینەوەیەکی ریکوپیک و تیروتەسەل و سیستەماتیک لەسەر ئەو خراپەکارییانە بکات، کە لە حەفتا ولاتی جیهاندا دژ بە مافەکانی مرۆڤ ئەنجامدراون.

ریکخراوی مافی مرۆڤی جیهانی، بەمەبەستی لیکۆلینەوە لەبارەی تاوانەکانی "ئەنفال"، سەرجەم ئەو بەلگەنامانەی بەکارهیناوە کە لەکاتی راپەڕینی بەشکۆی ١٩٩١ی باشووری کوردستان، کەوتنە دەستی خەلک و هیزە سیاسییەکانی. لەکۆی ئەم بەلگەنامانە، توانرا «دوانزە تەن»، کۆبکریتەوە. ریکخراوەکە لەماوەی سال و نیویکدا، بە پشتبەستن بەو بەلگەنامانە و، بە ئەنجامدانی لیکۆلینەوە و وتوویژ لەگەل دووسەت و پەنجا کورد دا کە لە کارەساتی ئەنفالدا توانیبوویان خۆیان دەرباز بکەن، هەمووی لە بەرگیکدا بەنیوی:

«IRAQ,S CRIME OF GENOCIDE» کۆکردەوە و، بەزمانی ئینگلیزی بلاویکردەوە.

وەرگیرانی لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی:

بەریز جەمال میرزا عەزیز

ئامادەکردن و دارشتنەوەی:

سیروان کاوسی.